Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# پەخشانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا بەنمونەی دەقی (سرودی بەفرنوسی یا سوتانی ڕەنگەکان)ی دڵشاد عەبدوڵلادا

**پەروین عبداللە خضر[1] - فواد ڕەشید محەمەد[2]**

[۱+۲] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (پەخشانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا بەنمونەی لەدەقی (سرودی بەفرنوسی یا سوتانی ڕەنگەکان)ی دڵشاد عبدوڵلا دایە. هەوڵدەدات لەچوارچێوەی ئەدەبی هاوچەرخدا فۆرمی (پەخشانە شیعر) لەئەدەبی کوردیدا بخاتەڕو. لەم توێژینەوەیەدا بەوردی لەڕوی مێژوییەوە سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا دەستنیشان بکەین، هەڵبەتە (گرفتی توێژینەوە)کە بنەما و بەشەکانی توێژینەوەکەی لەسەر دادەمەزرێت، لەگەڵ ئەوەشدا (ئەنجامی لێکۆڵینەوە) و گرنگی توێژینەوەکە لەناویدا دەستنیشان دەکرێت لەگەڵ دەسنیشانکردن و تایبەتمەندی ڕەگەزەکانی پەخشانە شیعر و پراکتیزەکردنی بنەماو ئەدگارەکانی پەخشانە شیعر لەسەر دەقی (سرودی بەفرنوسی یا سوتانی ڕەنگەکان) لە کۆشیعری (جوانییەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنوس یان باوباڵەکان)ی دڵشاد عبدوڵلادا بەپێوەری ڕەگەزەکانی پەخشانە شیعری کوردی دەخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە.

**کلیلە وشەکان:** پەخشانە شیعر، شیعری ئازاد، گێڕانەوە، مۆسیقای شیعری، فۆرم.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25
**Received:** 29- March -2022
**Accepted:** 27-April-2022
**Published:** 29-June-2022
**Corresponding Author's E-mail:**
barween.khudhur@su.edu.krd
fuad.mohammd@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی :

لەڕوی مێژوییەوە شیعر خاوەن مێژویەکی کۆنە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا. ئەدەبی کوردییش لەم ڕێڕەوە مێژوییە بێ بەش نەبوە. لەڕوی مێژوییەوە شیعر گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. هەر گۆڕانکاریەک لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕوبدات کاریگەری لەسەر ئەدەب دروست دەکات، ئەم گۆڕانکارییە بۆ ئەدەب کاریگەریەکی بەهێز دەبێت، لەڕوی ناوەڕۆک و فۆرمەوە گۆڕانکاری بەسەردادێت. شیعر بەگشتی پۆلێنکراوە بۆ دو جۆر شیعری (کۆن و نوێ) شیعری نوێش بەرێڕەوی زەمەندا دەڕوات بەچەندین قوناغ دابەشدەکرێت، یەکێک لەم قوناغانە کە سنوری باسەکەمان دەگرێتەوە شیعری هاوچەرخی کوردیە. ئەم توێژینەوەیە بنەمایەکە بۆ ناسینی فۆرمی شیعری هاوچەرخی کوردیدا.

توێژینەوەکە لەپێشەکی و دو بەشی سەرەکی لەگەڵ ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی وئینگلیزی پێکدێت.

بەشی یەکەم: بەناونیشانی (**سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر لەئەدەبی کوردیدا**). لەم بەشەدا لەڕوی مێژوییەوە باس لەسەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانە شیعری کوردی دەکەین. بەشی دوەم: بەناونیشانی (ڕەگەز و بنەماکانی پەخشانە شیعر) لەم بەشەدا تیشک خراوەتە سەر ڕەگەزەکانی پەخشانە شیعر لەگەڵ دیاریکردنی بنەماکانی (پەخشانە شیعر) لەشیعری (سرودی بەفرنوسی یا سوتانی ڕەنگەکان)ی دڵشاد عبدوللادا.

گرفتی توێژینەوەکە: دەستنیشانکردن و تایبەتمەندی دەقی (سرودی بەفرنوسی یا سوتانی ڕەنگەکان)ە.

ڕێبازی لێکوڵینەوە: وەسفی شیکاری ڕەخنەیی بەکارهاتوە.

## بەشی یەکەم :

### ١ -١ سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر لەئەدەبی کوردیدا

بەکارهێنانی زاراوەی پەخشانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەک پەیوەندی بە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواوە هەیە. لەلایەکی دیکەدا شاعیرە کوردەکانمان کاریگەری ئەو کۆمەڵە شاعیرە گەنجە عەرەبە عێراقیانەیان بەسەریانەوە دیاربو بەتایبەتی ئەو شاعیرانەی لەبەغداد دەژیان یان هاتوچۆی شاری بەغدادیان دەکرد،ئەم گۆڕانکارییەش بۆ سەرسەختی شیعری کۆن دەگەڕێتەوە،پاشان ئەم فۆرمە بەتەرزێکی نوێ بەبیرکردنەوەیەکی نوێ لەنێو شاعیرانی هاوچەرخدا بەردیدی خوێنەر کەوت. ئەمەش زادەی بیرکردنەوەو نوێکردنەوەیە لەشیعری کوردیدا.

پەخشانە شیعری کوردی (وەکو تاقیکردنەوەو زاراوە، سەرەڕای پێوەندیی ناڕاستەوخۆی بە تاقیکردنەوە جیهانییەکەوە، پێوەندییەکی مێژویی ئۆرگانێکی بە تاقیکردنەوە عێراقیەکەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

هەیە)(بەکـــر، ٢٠٠٤: ١٣). ئەو کـــۆمەڵە گەنـــجەی کـــوردەی کە لەکۆتـــایی ســـاڵانی شەســـتەکان لە بەغـــدا دەژیـــان، یـــاخیبون دژ بە سیســـتەمی حـــوکمڕانی لەلایەک، لەلایەکـــی دیـــکەوە یـــاخیبون بەرامـــبەر ئەو دەقـــانەی کە دەقیـــان گرتبـــو. ســـەرهەڵدانی گۆڤـــاری (الکلـــمە) لەعێـــراق لەســـاڵی ١٩٦٨بـــوە میمبەرێـــک بـــۆ ئەوەی داوا لەگەنجـــان بـــکەن بەگـــڕو تیـــنەوە لەســـەر ئەو شـــێوازە شـــیعر بنوســـن دژی یاســـا دەقگرتوەکـــان بـــن پشـــت بەعەقـــڵ ببەســـتن ڕوانینـــی نوێیـــان هەبێـــت نـــاودارترین ڕابەرەکـــانی نوســـینی پەخشـــانە شـــیعر لەعێراقـــدا (موســـی النقـــدی، ســـرگۆن بـــولص، صـــلاح فـــائق وســـلامە کـــاظم و...).(مهـــدی، ١٩٨٧، ٢٣). ململانێیکـــی تونـــد لەنێـــوان کـــۆن ونوێـــدا پەیـــدابو لەهەوڵـــی ئەوەدابـــون کە گۆڤارەکەیـــان پێـــدابخەن. لەعێراقـــدا تـــاڕادەیەک کەشـــەکە لەبـــاربو بـــۆ هێنـــانە ئـــاراوەی فـــۆرمی (پەخشـــانە شـــیعر) بەتـــایبەتی پـــاش ئەوەی ((زەهـــاوی بانگەشـــەی بـــۆ شـــیعری (المرســـل)دەکردو حســـین مـــردان لەدیـــوانە شـــیعریەکەی بەنـــاوی (الربیـــع والجـــوع) نـــاوێکی دی خســـتە نێـــو گوتـــاری ئەدەبـــی ئەویـــش زاراوەی (النثـــر المرکزە)بو).(الحســـانی، ٢٠١٦: ٢٣٥). پەخشانەشـــیعر لەعێـــراق هەنگـــاوێکی باشـــی نـــا دەروازەیەکی کراوەبو لەبەردەم نەشونماکردنی ئەم فۆرمە نوێیە.

پەخشانە شیعر وەکو ((ڕەگەزێکی شیعر دەرئەنجامی مۆدێرنەی شیعرییە و لە ئەدەبی کوردیدا لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بە شێوازێکی جیاواز سەریهەڵداوە. ئەم سەرهەڵدانەش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازی هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا لەژێر سایەی ئەم مۆدێرنە هاوچەرخەدا، چەند ناوێکی نوێ لە شیعر، یاخود جۆرایەتییەکەی، هاتنەئاراوە لەوانە (شیعری مەنسور، پەخشانە شیعر، شیعری پەخشانی، چامەی شیعری)(ڕەئوف، ٢٠٠٨: ٦٥).

تێکەڵاوکردن و بەکارهێنانی ئەم زاراوانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ئەدەبەی کە لە ئەنجامی نوێخوازی لەژێر کاریگەری ئەدەبی ئەورووپی بەتایبەتی فەڕەنسی و ئەدەبی عەرەبی بۆ نێو دنیای ئەدەبی کوردی گوازراوەتەوە.

لە ئەدەبی کوردیدا پەخشانە شیعر (فۆرمێکی شیعری نوێیە، لەڕوی هونەرییەوە لەئاستێکی بەرزدایە، لەڕوی داڕشتندا دێڕەکانی درێژن،لەڕوی تەکنیکی نوسینەوە زیاتر لە دەقی پەخشانییەوە نزیکە).(معرفت، ١٣٩٥: ١١٢).

بیروبۆچونی (معرفت) دەربارەی بنەماکانی پەخشانە شیعری کوردی پێچەوانەی پەخشانە شیعری ئەورووپی بەتایبەتی پەخشانە شیعری فەڕەنسی، سوزان بیرنار لە پەخشانە شیعری فەرەنسیدا ئاماژە بەفۆرمێکی (کورت، چڕ) دەکات. لە (ئینسکلۆپیدیای برسنتۆن) بۆ شیعرو شاعیر دەڵێت: (پەخشانە شیعر سیماکانی شعیری لیریکی (گۆرانی) تێدا بەرجەستە دەبێت، وەکو پەخشان لەسەر لاپەڕە دەنوسرێت)(جواد، ١٩٩٠: ٤٧).

شیعری لیریکی، شیعرێکە ئاوازەیەکی بەهێزی هەیە،لە سەردەمێکدا ئەم جۆرە شیعرە لەگەڵ ژەنینی ئامێری (نەی) دەوترایەوە توانای ئەزبەرکردنی زۆر بوە. پەخشانە شیعر پشتکردنە لە کێش و سەروا، بۆیە لەسەر لاپەڕە دەنوسرێتەوە.(پەخشانە شیعر هاوچەرخ و کورتە، سفتە و پوختە، جێناوی کەسی یەکەم بەکاردەهێنن)). (مغاس،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

١٩٩٣: ٢٤) ئەم دو بۆچونەی ئینسكلۆپیدیا و سۆزان بیرنار یەكدەگرنەوە یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی شیعری لیریكی دەركەوتنی دەنگی بكەری شیعرییە واتا دەنگی شاعیرە، دەنگی شاعیریش بەجێناوی كەسی یەكەم بەدەردەكەوێت. لەئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی هەر میللەتە و خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی ئاستەنگە هەمو بنەماكانی پەخشانە شیعری فەرەنسی لەسەر پەخشانە شیعری كوردی پراكتیزبكەین. هەر ئەدەبەو هەڵقوڵاوی ناخی كۆمەڵگاكەیەتی.

دیدو بۆچونی جیاواز دەربارەی پەخشانە شیعر لە ئارادایە هەندێك ڕەخنەگر وەكو بابەتێكی نوێ سەیری دەكەن، هەندێكی ڕەخنەگری دی لە ئاسۆی ڕوانینی شیعرەوە سەیری پەخشانە شیعر دەكەن. بەبۆچونی هەندێ لە نوسەرو ڕەخنەگرانی كورد پەخشانە شیعر لە خانەی شیعردا حیساب ناكرێت، چونكە گرنگترین ڕەگەزی شیعریی كێشە، ئەویش كێشی شیعریی لە دەستی داوە. (محەمەد بەكر) جەخت لەوە دەكاتەو كە پەخشانە شیعر هونەرێكی سەربەخۆیە.

شیعری نوێ((لە خەیاڵ پەروازی و مۆسیقا و وێنە و ئەفسانە و دەمامك و چیرۆك و شانۆ و شێوەكاری، بۆ پێكەوەنانی (جیهانبینییەكی تایبەتمەند) بەدەرنییە و لە نوسینی (دەق)دا ئاوەژوی دەكەنەوە. هەر ئەو ئازادییە، گەردون و ئاسۆی نوێ بۆ (پەخشانە شیعر) دەهێنێتە گۆڕێ) (عبدالواحد، ٢٠١١: ١٤٩). لە پێشخستنی بواری ئەدەبی وهزریدا جیهانبینی نوسەر ڕۆڵێكی بەرچاوی هەیە. لە ئاوێتەكردنی ژانرەكان لە خزمەت یەكتریدان گیان بە دەقێكی نوێ دەبەخشن و فۆرمێكی نوێ بنیاتدەنێن.

شاعیر (لەتیف هەڵمەت) بیروبۆچونی وایە كە پەخشانە شیعر، زیاتر نزیكترە لە شیعر ((ئەو پەخشانە شیعرییەی كە شیعرییێتی تێدایە، شیعرە و زۆرجار بەلای منەوە لەشیعری كێش و سەرواداریش شعیرترە)).(هەڵمەت،٢٠١١ :٦٧).

وەكو بنەمایەكی ئەدەبی فۆرمەكان بنچینەو بنەماو ژینگەی تایبەتیان هەیە، پاشان دەبێتە ڕەوتێكی ئەدەبی. پەخشانە شیعر بۆ یەكەمجار لەسەر ڕوی لاپەڕەكانی گۆڤاری زاری كرمانجی بەرچاوكەوت بەناوی (شیعری مەنسور) بو. ئەم فۆرمە بۆ یەكەمجار لە ژمارە (٥)ی لاپەڕە (٤)ی گۆڤاری زاری كرمانجی (١٣٤٥ – ١٧ ربیعی دوەم) دەكاتە ساڵی (١٩٢٦ – ١٩٢٧) بڵاوكرایەوە.

((شیعر مەنسور) واتە پەخشانە شیعر- دەقی ئەدەبی نوسراون و لەڕوی هونەرییەوە بەهای خۆیان هەیە. لە ژمارە (٥)ی ئەم گۆڤارە پەخشانە شیعرێكی (ز. ع. هەروتی) بڵاوكراوەتەوە، بەهەستی ڕۆمانسییەوە باس لە غەم و ئازارەكان دەكات، هەر لە گۆشەی (شیعری مەسنور) لە ژمارەی (٢١)دا بابەتێكی حەمەلاو بڵاوكراوەتەوە)) (بالەكی، ٢٠٠٥ : ١٥٤). لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا لەڕوی فۆرمەوە هەمان فۆرمی شیعری كۆن نین. بەڵكو چەندین فۆرمی جیاواز هاتە ئاراوە.

لە شیعری نوێدا (شیعری ئازاد یان شیعری سەربەست، شیعری ستونی، شیعری بینراو Visuel پۆستەرە شیعر، شیعری چیرۆكئامێز، كۆنوس، شیعری ئۆتۆماتیكی، شیعری كۆنكرێتی، شیعری شانۆی یان درامی، ئۆپەرێت، سرود،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

شیعری منداڵان هەمو ئەم ژانرو لقە ژانر و فۆڕمە شیعرییانە بەهیچ شێوەیەک لە شیعری کۆنی کوردیدا، واتە لە ئەدەبیاتی کلاسیکی سەدەکانی ڕابردوماندا نابینین))(پیرباڵ، ٢٠٠٥: ٨٢).

نوسەر (ئازاد عەبدالواحد) ئاماژە بە (پیرەمێرد)ی شاعیر دەکات، کەوا چەند ساڵێک لە تورکیا ژیاوە لە نزیکەوە ئاگاداری ئەو تەرزە ئەدەبەو ئەو نوێخوازیە بوە کە لە تورکیادا باوبو. پیرەمێرد ((ڕۆژنامەی (ژین)ی وەک کەشکۆڵی شیعرو بیروبۆچونەکانی چاولێکردوە، لە ڕۆژی (٥)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٤٧)دا نوسیویەتی: (لەم دواییەدا ئەدیبە ناسراوەکانی تورک، وەک خالید ضیا و مەمدوح وەفی خاوەندی ئەیلول- شیعری مەنثور-یان ئەنوسی. زۆر دەربەستی وەزن و قافیە نەبون))(عبدالواحد، ٢٠١١: ١٥٦).

پیرەمێرد بەو تەرزە ئەدەبە ئاشنامان دەکات، لە ڕێگای وەرگێڕانی چەند دەقێکیدا لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی. دەقەکەی بەناوی ((بەندی پەخشان، یان واتەی سەربەست)) ئازاد عبدالواحد لە لاپەڕە (١٥٩)دا شیعرەکەی بڵاوکردۆتەوە. فۆڕمی شیعری بەپێی زەمەن گۆڕانکاری بەسەردادێت، پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و ڕەوتی ژیان بواری بۆ ئەدەب خۆشکردوە کە شیعری سەردەمیانە بێتە ئاراوە، هەروەک چۆن فۆڕمی ڕۆمان، زادەی شارو جەنجاڵی ژیانە و فۆڕمەکانی دیکەش وەک (چیرۆک، چیرۆکە شیعر، کورتەچیرۆک..) بەهەمان شێوە بواریان بۆ ڕەخساوە هاتونەتە ئاراوە. ژانرو لقەژانرە نوێیەکان لە ساڵی ((١٨٩٨ بەملاوە دێنە ناو ئەدەبی کوردییەوە، هەندێکی دیکەشییان پەرەدەستێنن و فۆڕمی دیکەی (گران) وەردەگرن)) (پیرباڵ، ٢٠٠٥: ٨٢).

(ئازاد عەبدولواحید) لە کتێبی (کەلتور و ناسنامە) ئاماژە بەوە دەکات، کەپەخشانە شیعری کوردی ئاوڕێکی ئەوتۆی لێنەدراوەتەوە.((جێگەی مخابن و سەرنجە ئەو شاعیرە کوردانەی لایان لەو فۆڕمە شیعرییە کردوەتەوە، زۆر کەم نەبێ ئاوڕیان لێنەداتەوە))(عەبدولواحید، ٢٠١١: ١٥٥). فۆڕمی پەخشانە شیعر، فۆڕمێکی نوێیە، لە ئەنجامی پرۆسەی نوێخوازی هاتۆتەوە نێو ئەدەبی کوردی، وەک (فۆڕم و زاراوە) لە لێکۆڵینەوەو ڕەخنەدا. زۆر کەم کەوتۆتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەدا.

بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر کۆمەڵێ دیدو بۆچونی جیاجیا دەخرێنەڕو. هەندێ لە ڕەخنەگران (پەخشانە شیعری) کوردی بۆ (حەیران) دەگەڕێنەوە. نوسەر (ئەحمەد قەندیل) ئاماژە بەنوسینی هەندێ ڕەخنەگر و نوسەران دەکات ((ئەگەر تەماشای هەندێک بیروبۆچونی زانایان لەبارەی حەیران وحەیرانۆک بکەین دەڵێن پەخشانە شیعر، شیعری ئازادە و سەربەستە، بەڵام بە بۆچونی ئێمە حەیران و حەیرانۆک شیعری تەواون هەمو ڕەگەزەکانی شیعریان تێدایە))(قەندیل، ٢٠١٢: ٧٠- ٧١).

ڕەگەزەکانی شیعر (ئەندێشە، سۆز، بیرۆکە، واتا...) دەگرێتەوە، بونی شیعریەت لە شیعردا، تەنیا ئەم ڕەگەزانە نین کە (ئەحمەد قەندیل) باسیان دەکات، بەڵکو چەندین هونەری دی هەن پەیوەندی نێوان شیعر و هونەر توندوتۆڵ دەکەن. بۆنمونە هونەرەکانی ڕەوانبێژی شیعریەت بەشیعر دەبەخشێت، زۆرجار وێنەیەک یان تابلۆیەک لەگەڵ دەقێکی شیعری ئاوێتە دەبێت شیعریەت بەشیعر دەبەخشێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

غەفور مەخموری بۆچونی وایە حەیران پەخشانە شیعرە ((لەڕاستیدا حەیران شیعر نییە، بەڵکو پەخشانە شیعرە. حەیرانیش بەپێی شوێن و ناوچە شێوە ماناکەی دەگۆڕێت))(مەخموری، ١٩٨٩: ٨).

لێکۆڵەر بڕیارێکی یەک لایکەرەوەی داوە دەڵێت حەیران شیعر نییە، بەڵام پەخشانەشیعرە، بەبێ ئەوەی مەرجەکانی بون بە شیعر یان پەخشانەشیعر دیاری کردبێت. ((حەیران پارچە پەخشانێکی پاراو و ناسکە، بە زمانێکی سادە خۆمانە نوسراوە دەشێ (پەخشانە شیعری) پێ بگوترێ)).(جوتیار، ١٩٧٨: ٤٢). نەبونی کێش لەهونەری حەیراندا ڕەخنەگران ولێکوڵەران بەرەو ئەو ئاراستەیە بردوە کە حەیران بەپەخشانە شیعر دابنێن. بە بۆچون و دیدی (خالید جوتیار)حەیران دەگەڕێتەوە بۆ پەخشان، خاڵی هاوبەش لە نێوان (حەیران و پەخشان) بۆ زمان ساکارییە کە دەگەڕێنێتەوە. ئاماژە بە (پەخشانە شیعر) دەکات. بەبێ ئەوەی هیچ بنەمایەکی پەخشانە شیعری دیاری نەکردوە.

هەریەک لەم لێکۆڵەرو ڕەخنەگرانەدا کە شارەزایان هەیە لەبواری حەیراندا، حەیرانیان ناساندوە بێ ئەوەی بەڵگەی زانستی و باوەڕپێکراویان دیاریکردبێت، هەریەکە لە دیدو ڕوانینی خۆیەوە بۆچونی بەرامبەر (حەیران) دیاریکردوە. ((حەیران و لاوک پەخشان نین و شیعرن، شیعرێکی (کێشدار)یشن و (کێش)ەکەشیان (کێشی پەنجەیی)ە، چونکە (گۆران) لە شیعرە نوێیەکانیدا کێشی پەنجەی بەکارهێناوە))(ڕۆژبەیانی، ١٩٩٠: ٣٥).

پەخشانە شیعر زادەی بیری نوێخوازیە، لەئاوێتەبونی دو ژانری ئەدەبی سەریهەڵداوە، کەچی حەیران ژانرێکی ئەدەبی فولکلۆری کوردیە. لەڕوی کێشەوەش، کێشی پەنجەی خۆماڵی بەکارهێنراوە، وەک:

گەردنی زەردە، مەمکی هەنگوینە

ڕومەتی گوڵە، سینگی سپینە

کێشی ٥+٥=١٠ بڕگەیی بەکارهێنراوە، لەڕوانگەی سەرواوە پەیڕەوی سەروای کردوە (هەنگوینە، سپینە)ی بەکارهێنراوە، موسیقای ناوەوە ودەرەوەشی هەیە. لەڕوی بابەتەوەش حەیران دڵدارییە، یەکێک لەمەبەستەکانی شیعردا، شیعری دڵدارییە.

دەربارەی سەرهەڵدانی (پەخشانە شیعر) لەئەدەبی کوردیدا تا ساڵانی هەشتاکان (پەخشانەشیعر)ەکان لەژێر کاریگەری پەخشانە شیعری فەرەنسی نوسراون، هەروەها توێژینەوەیەکی تێرو تەسەلیان دەربارەی پەخشانە شیعری کوردی نەکردوە ئەوەی هەیە زیاتر دیدو بۆچونە.

لە دیدی ڕەخنەگری کورد (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی)یدا، (ئەنوەر قادر محەمەد) یەکەم شاعیرە کە بەم شێوازە دەقێکی لە ژمارە (٢٧)ی ساڵی (١٩٧٥) لە گۆڤار بەیاندا بڵاوکردۆتەوە. کە هەمو خەسڵەت و سیمایەکی شیعری پەخشان تێدا بێت. بەتایبەتی بەپێی بۆچونی و تێزەکانی سۆزان برنار لەبارەی شیعری پەخشانەوە))(بەرزنجی، ٢٠١٤: ٧). بەتێڕوانینی (عەبدوڵڵا تاهیر) (ئەنوەر قادر) یەکەم بەرهەمی پەخشانە شیعری بڵاوکردۆتەوە بەپێی دیدو ڕوانینی سوزان بیرناردا.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر لە ئەدەبی کوردیدا لە ڕوانگەی نوسەر (د. ئازاد ئەحمەد مەحمود)دا مێژویەکی دێرینی هەیە ((ئەم چەشنە شیعرە مێژویەکی لک و پۆپداری لەناو ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆی تایبەتکردوە، هەر لە دو چامە هەواڵئامێزەکەی (نالی و سالم) تا دو هاوینە گەشتە فۆتۆئامێزەکەی (گۆران))(مەحمود، ٢٠٠٨: ٥٨). بەدیدو بۆچونی نوسەر (د.ئازاد محمود) ڕەگ و ڕیشەو بنەمای پەخشانە شیعر بۆ ئەدەبی کۆن دەگەڕێتەوە دو چامەکەی نالی و سالم سەر بە ڕێبازی کلاسیکین، بەڵام گەشت بۆ هەورامانەکەی گۆران دەچێتە خانەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی، (گۆرانی) شاعیر لەسەر بنەمای ئێستاتیکی دەق کاریکردوە. م. حسین مەحمود هەمان ڕای (د. ئازاد)ی هەیە دەڵێت: (دیارە چامەکەی (نالی و سالم) بە سەرەتای چامەی شیعری دادەنرێت. هەندێ جاریش پێی دەڵێت (ڕۆمانە شیعر))(علی، ٢٠١٤: ٧٦٥).

سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر مشتومڕێکی لەناو ڕەخنەی ئەدەبی ناوەتەوە، چونکە ئاڵۆزییەک و تێکەڵاوییەک لە نێوان شیعری سەربەست و پەخشانە شیعر دروست بوە .ئەمەش لە ئەنجامی نوێبونەوەی دەقی ئەدەبی هاتوتە ئاراوە. بە بۆچونی (د.محەمەد بەکر) ((یەکەمین کۆمەڵە شیعری چاپکراوی (پەخشانە شیعر)ی کوردی لە دیوانی (خواو شار بچکۆڵەکەمان)ی (لەتیف هەڵمەت) لە ساڵی (١٩٧٠)دا لەلایەک و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەو بابەتانە لەلایەکی دییەوە، دابڕانێک هەیە تا ئەمڕۆش بەشێوەیەکی شایستە چارەسەر نەکراوە)) (بەکر، ٢٠٠٤: ١١٢). هەرچەندە بۆچونی نوسەر (ئوسامە جەمیل) جیاوازترە ((ئەوەی تێبینی دەکرێت لە پەخشانە شیعرەکانی: (لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵلا پەشێو، سەلاح شوان، سەلام محەمەد)دا تا ئێستا نەیانتوانیوە بە دیدو دیدگەی ڕۆشنبیری کوردی پەیوەستدار بن، خۆیان لە دیدو دیدگەی ڕۆشنبیری عەرەبی و ئەوروپی بە دوربگرن، یان بەواتایەکی دی بەڕوانینی کوردی پەخشانە شیعرەکانیان بنوسن)) (ڕەسوڵ،٢٠٠٦: ٨٨). لەتیف هەڵمەت خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە لە ڕێگای ئەدەبی عەرەبییەوەو بەتایبەتی بە ڕێگای گۆڤاری (شیعر)ەوە ئەو ڕۆژگارە بە دەستیان دەگەیشت زۆر شت فێربونە. ئەوە بوەتە هۆی ئەوەی هەندێک شێواز و جۆری نوسین فێرببن.

جیهانبینینی شاعیر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بنیادنانی کەش و هەوایەکی کوردی ڕەسەن لەنێو دەقی ئەدەبی کوردیدا. بەپێی دیدو بۆچونی نوسەر (ئوسامە) لەتیف هەڵمەت لە نوسینی (پەخشانە شیعر)ەکانیدا، وەک پاشکۆیەکی پەخشانە شیعری جیهانی و عەرەبی نوسیوە، نەیتوانیوە شاعیر لەتیف هەڵمەت مۆرکی ژینگەی کوردەواری بە دەقەکانییەوە دیاربێت.

نوسەر (بەختیار سەجادی) لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیدا لە گۆڤاری (پژوهشنامە: ادبیات کردی) ژمارە (٤) پایز و زمستان ١٣٩٦دا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی دەربارەی قوتابخانەکانی ڕوانگە و کفری تایبەتی کردوە بە دەقە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت لە چەند جێگایەک لە لێکۆڵینەوەکەدا ناوی دیوانی (خواو شارە بچکۆڵەکەمان) دەهێنێت وەکو ئەزمونێکی شیعری نوێ ئاماژەی پێدەکات بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە زاراوەی پەخشانە شیعر ناکات.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

(ئەحمەد تاقانە) بۆچونی وایە (ئەوەش ئەو پارچە نوسراوانەن کە بە ڕستەی کورت کورتی لە کێش و سەروا ڕزگاربوەوە نوسراوەتەوە، لەم دواییەدا -لەتیف هەڵمەت- بۆ یەکەم جار بەو جۆرەی نوسیبوەوەو بە هەڵبەستی تازەی داهێنراوی دانابو. بۆ نمونە لە دیوانی -خواو شارە بچکۆڵەکەمان-دا و لە لاپەڕە (٤٣)دا، وشە سوتاوەکان دەبینێت)) (تاقانە، ٢٠١٢: ١١). ڕەخنەگران و شاعیران تاکە پێوەرێک بەپێوەر دەزانن بۆ بونی پەخشانە شیعر ئەویش نەمانی کێش و سەروا لەبری ئەمەوە کێشی دەرەکی بەکاردەهێنن ماموستا (دیار فایق) نمونەیەکی شیعری دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی شیکردۆتەوە دەڵێت: (لەم دەقەی سەرەوەدا وەک لەژمارەی برگەکانی دێرەکاندا دەردەکەوێت، دەبینرێت شاعیر پابەندی کێشی شیعری کوردی نابێت، هەروەها پابەندی (پێ/ تەفعیلە)ش نابێت، بۆیە ئەم شیعرە کێشی دەرەکی تێدا بەدیناکرێت وەک لەشیعری ستونی، یاخود شیعری ئازاد هەیە))(مەجید،٢٠١٨ :٣٣٥). دەستنیشانکردنی بنەماکانی پەخشانە شیعر تەنیا بەپێوەر کێشی دەرەوە ناپێورێت، چەندین بنەمای دیکەمان هەیە کە پەخشانە شیعری کوردی دیاری دەکات. شاعیرانی گروپی کفری و ڕوانگە پشتیانکردە کێش و سەروا. بەم پێیە بێت هەمو شیعرەکانی ئەو سەردەمە پەخشانە شیعرن.

شاعیر (لەتیف هەڵمەت) بونی ئەم ناولێنانەی واتە (پەخشانە شیعر) دەگەڕێنێتەوە بۆ بیرتەسکی شاعیران نەبونی بوێریی کە بە ئازادی بنوسن. لادان لە کێش و سەروا گوناھ نییە، بەڵکو داهێنانە بەرەو نوێخوازی. لەدرێژەی دیدارەکەیدا ئاماژە هەلومەرجی بون بە شیعر دەکات، ((ئەگەر شیعرێک بێ کێش و سەروا پێی بڵێن، شیعر چ گوناهێکە؟ گوناھ ئەوەیە کێش و سەروا بکەین بە هەلومەرجی سەرەکی شیعر))(هەڵمەت، ٢٠١١: ٦٧).

بۆ ئەوەی جەخت لەو دیدو بۆچونانە بکەینەوە کە دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) بە پەخشانە شیعر دادەنێن. لێرەدا ئەوە دەخەینەڕو کە شاعیر لە دیدارەکەیدا دەڵێت: ((یەکەم دەقی کراوە لە شیعری کوردیدا، من نوسیومە لە ساڵی ١٩٧٠دا لە دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)دا بڵاوبوەتەوە، پێشتریش لە ئێستگەی کوردی دەنگی بەغداوە لە بەرنامەکانی کاک جەلالی میرزا کەریم و کاک عەبدوڵڵا عەباسدا بڵاوبوەتەوە، ... دەیان شیعری کراوەم لەو دو بەرنامەیەدا بڵاوکردەوە، وەکو شیعری (ئەم کولەکانە دەشکێنم، لە باوەڵێکی کلیل ونبودا، چوار هەڵبەست لە ڕۆژمێری ڕێبوارێکی ماندودا) ئەمانە هەمو دەقی کراوەن لە ساڵانی (١٩٦٨ – ١٩٦٩)دا لەو بەرنامانەدا بڵاوبوەتەوە.)) (هەڵمەت، ٢٠١١: ٦٧).

لێکۆڵەر مامۆستا (حوسێن مەحمود) دەڵێت: ((دەتوانین مامۆستا (شێرکۆ بێکەس) بە یەکەم کەس دابنێین کە پەخشانە شیعری نوسیوە و بۆتە سروشێک بۆ خەڵکانی تر)) (عەلی، ٢٠١٤: ٧٦). لێکۆڵەر ئەم بڕیارە یەکلاییکەرەوەی داوە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی ئەدەبی و زانستی نیشانی خوێنەر بدات. ڕاستەوخۆ باس لە شاعیر (سەباح ڕەنجدەر)یش دەکات، نمونە لە شیعرەکانی (سەباح ڕەنجدەر) دەخاتە بەر دیدی خوێنەر.

شێرکۆ بێکەس خودی خۆی ئاماژە بەنوسینی پەخشانە شیعر دەکات ((لەسەرەتای حەفتاکاندا هەندێ پەخشانە شیعرم بڵاوکردەوەو کە عەفەویەت سەرچاوەیان بون)).(عومەر،٢٠٠١:٢١١) بەهیچ شێوەیەک ئاماژەی بەوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

نەکردوە کەوا یەکەم کەس بێت پەخشانە شیعری نوسی بێت. لە کتێبی نوسین بەئاوی خۆڵەمێش شاعیر بیرەوەرییەکانی خۆی نوسیوەتەوە ئاماژە بەساڵی نوسینی پەخشانە شیعریەکەی دەکات دەڵێت: (لەساڵی ١٩٩٢ – ١٩٩٣ پەخشانە شیعرێکم نوسی بەناوی پڵنگەکەی ئەیلول)). (بێکەس، ٢٠١٣: ٢١٣)

ئەحمەد تاقانە ئاماژەی بەوە نەکردوە دیوانی (خواو شارە بچکۆڵەکەمان) کە پەخشانە شیعر بێت، بەڵام کاتێک ئاماژە بە ڕستەی کورت کورتی لە کێش و سەروا ڕزگار بوەوە دەکات ئەمە ئاماژەیە بۆ پەخشانە شیعر بە دیدو بۆچونی سوزان بیرنار کە ئاماژە بە کورتی و چڕ دەکات، بەم پێیە لەتیف هەڵمەت پەخشانە شیعری لەژێر کاریگەری پەخشانە شیعری فەڕەنسی نوسیوە.

لە درێژەی باسەکەیدا تاقانە ئەمە دەسەلمێنێتت کە دیوانی (خواو شارە بچکۆڵەکەمان) (پەخشانە شیعر)ە دەڵێت: ((هەر لە پاش ئەوەشەوە –شێرکۆ بێکەس– بەو جۆرەی نوسیبو لەژێر ناوی (پەخشانی نوێ)دا بڵاوی کردبوەوە، بەلای منەوە یا بۆ ئەوە پەردەی پەخشانی نوێی بەسەر ئەو نوسراوەدا دادابو، بۆ ئەوەی خەڵکەکە نەڵێن لاسایی (لەتیف هەڵمەت)ی کردوە، یانیش بۆ ئەوەی بە خەڵک بگەیەنێ کە ئەویش دەتوانێ شتی وا بنوسێ، بەڵام ئەوە پەخشانە)) (تاقانە، ٢٠١٢: ١١–١٢).

شاعیر (لەتیف هەڵمەت) لە دیدارێکدا دەڵێت: ((من، یەکەم کەس بوم کە شەرعیەت و ڕەواکاریم دا بە شیعری بێ کێش و سەروا، پێش من هیچ کەسێک بەو شێوە زۆرە، شیعری بێ کێش و سەروا نەنوسیوەو لە دیوانێکدا بڵاوی نەکردوتەوە، ڕەنگە یەکێ لێرە و لەوێ شیعرێ دوانی نوسیبێ، بەڵام وەکو ئەوەی بێت کۆمەڵێ شیعری بنوسێ، بەبێ کێش و سەروا و بە دیوانێک بڵاوی بکاتەوە، کەس پێشی من ئەو جورئەتەی نەبوە)) (هەڵمەت، ٢٠١١: ٢٦).

لە دیدوبۆچونی زۆربەی لێکۆڵەران و ڕەخنەگران کورد، دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) بەسەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانە شیعر کوردی دادەنێن، بەڵام شاعیر (لەتیف هەڵمەت) خۆی ئاماژە بە شیعرێکی نوێ دەکات کە شیعرێکە نەکێشی هەیە نە سەروا. لە دیدارەکەیدا ئاماژەی بەوە نەکردوە کە ئەمە فۆرمێکی شیعری نوێیە بەناوی (پەخشانە شیعر) من یەکەم کەس بم لەم دیوانەمدا پەخشانە شیعرم نوسیوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە شاعیر (لەتیف هەڵمەت) لە دیدارەکەیدا دەڵێت: (لەڕاستیدا شتێک نییە ناوی پەخشانە شیعر بێت ئەمە هەندێک شاعیری کورد لە بیرێکی تەسکەوە کاتێ شتێک دەنوسن سەروای نییە، ناوی دەنێن (پەخشانە شیعر)) (هەڵمەت، ٢٠١١: ٦٧). لەبەر ڕۆشنایی دیدو بۆچونی ئەو ڕەخنەگرانەی کە لەسەرەوە ناومان هێناون دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان) ئەزمونێکی شیعری نوێیە. ئەو ڕەخنەگرانە بەپێی پێوەری پەخشانە شیعری فەرەنسی دەقەکەیان شیکردۆتەوە. یەکێک لەبنەما هەرە دیارەکانی پەخشانە شیعری فەرەنسی کورت وپوختیە، بەڵام پەخشانە شیعرییەکانی ساڵانی هەشتاکان دەقی درێژن. ئێمە نکولی لەوە ناکەین، کە ئەدەبی هاوچەرخ لەژێر کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا بوە، بەڵام ڕێچکەی خۆشی گرتوە. ئەدەبی هەر نەتەوەیەک خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

## بەشی دووەم : کۆشیعری (جوانییەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنوس یان باوباڵەکان)

ئەم کۆمەڵە تێکستەی، شاعیر (دڵشاد عەبدوڵلا)یە لە ساڵی (١٩٩٢) چاپکراوە. شاعیر لە دیوانی بەفرنوسیدا دەڵێت: ((لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەمجار دیوانی (جوانییەکان و ...)م چاپکرد، کە بریتییە لە کۆی ئەو شیعرانەی لە نێوان ١٩٨٠ – ١٩٩١ نوسیومن)) (عبدالله، ٢٠١١: ٥)، لە (٧٩) لاپەڕەیە و (١٠) دەق پێکهاتوە، لەسەر بەرگی دیوانەکە نوسراوە شیعر، بەڵام پڕاوپڕە لە بنەماکانی پەخشانە شیعر.

ئەم دیوانە، یەکەم دیوانی شاعیرە، بە شێوازێکی نوێ بە زمانێکی شیعری تایبەت بەخودی خۆیی نوسیوە، کە بارگاوی کراوە بە هێما، چونکە زمانی شیعری پەخشانە شیعر، ئاوێتەیە لەنێوان مەعریفە و هەست و سۆزدا دەق بە بەرگێکی نوێ جیا لە زەمەنی پێش خۆی دێتە نێو گوتاری ئەدەبییەوە.

زمان لە دیوانی (جوانییەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنوس باوباڵەکان) زمانێکی سرکە، بە ئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە، هێماو تەمومژی باڵی بەسەر دەقەکە کێشاوە. ((نوسینی پەخشانە شیعر مانای ئەوە نییە کە شیعرەکە سوک و ڕەوانە، نەبونی ئاستی ڕۆشنبیری و نەبونی توانای نوسینی شیعری ئاساییە، بەڵکو نوسینی پەخشانە شیعر، تایبەتمەندی خۆی هەیە و ئاسان نییە لەگەڵ ئەوەشدا وێنە و زمانێکی داهێنراوی لەگەڵدایە) (زیاد، ٢٠٠٧: ١١-١٢). لەم دیوانەی (دڵشاد عبدالله)دا چەندین پەخشانە شیعرمان بەرچاودەکەوێت، وەک (سرودی بەفرنوسی یا سوتانی ڕەنگەکان) لەساڵی (١٩٨٣) نوسیویەتی لەگۆڤاری بەیان لەساڵی (١٩٨٤)دا بڵاوکراوەتەوە.

دیارکردنی بنەماکانی پەخشانە شیعر لەدیوانی شیعری (جوانییەکان و چەند لاپەرەیەکی ژیانی بەفرنوس یا باوباڵەکان)دا دەقی (سرودی بەفرنوسی یا سوتانی ڕەنگەکان) دەخەینە بەرتیشکی لێکۆلینەوە.

**- ریتم :**

### موسیقای ناوەوە:

شیعری پەخشانی ((ڕوتکردنەوەی دێڕەکانە لە ئیقاعی مۆسیقای شیعری و فڕێدانی قافیەکانە لەڕوی جوتبون و یەکترگرتنەوە))(ئاشنا، ٢٠٠٧: ١٨٩). لە پەخشانە شیعردا پشت لە سەروا دەکرێت، زیاتر کار لەسەر مۆسیقای ناوەوەی شیعر دەکرێت. مۆسیقای ناوەوە بنەمایەکی بەهێزی مۆسیقای شیعرییە لە هاوئاهەنگی لەگەڵ مۆسیقای دەرەوە بنیاتی گشتی شیعر پێکدەهێنن.

مۆسیقای ناوەوە لەگەڵ پەیدابونی بزوتنەوەی نوێخوازی هاتە ئاراوە. (د. دڵشاد عەلی) پێیوایە ((ئەم ئاوازەش بریتییە لە نەغمەی دەنگەکان و لێکدان و پێکەوە گونجاندنیان و پاش و پێشخستن و بەکارهێنانی هەندێ لە ئامرازە زمانییەکان بە جۆرێکی ئەوتۆ کە زۆرجار لە کێشەکان کاریگەرتر دەبن))(عەلی، ١٩٩٨: ٨٩).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

لەڕوانگەی ڕیتمی شیعرییەوە، شاعیر هونەری دوبارەکردنەوە بەکاردەهێنن،کە بنەمایەکی سەرەکی مۆسیقای ناوەوەیە، لە شیعری هاوچەرخدا.

مۆسیقا ناوەوەی شیعر ((پەیوەندی لە نێوان دال (Signiant) و مەدلول (Signifie) دایە، پەیوەندی لەنێوان وشە و واتا خۆی لە خۆیدا مۆسقای ناوەوە دروست دەکات)) (مەحمود، ٢٠١٤: ٤٧).

شاعیر دەڵێت:

بەفر ئەوانە و پەیکەری بەفرنوسە.
جاران
خەونەکان بزنە کێوی بون
سروشت ئاموتیا
ژن تاجی سەری پیاوان بون
پیاویش پاشای سەر زەویان (٦١)

## - دوبارەکردنەوە:

### ١- دوبارەبونەوەی دەنگی:

یەکێکەلە ڕەگەزە بنەمایەکانی مۆسیقای شیعری. ئەم مۆسیقایە لە دوبارەبونەوەی دەنگی (بزوێن و نەبزوێن) لە وشە و دێڕەکاندا جۆرە مۆسیقایەکی کاریگەر دەخولقێنن))(گەردی، ١٩٩٩: ٤١). زۆرجار نوسەر بە مەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەرو جوانی دەق دەنگەکان دوبارە دەکاتەوە.

شاعیر دەڵێت:

پاشان بەفر ئاڵوزی زەوی داپۆشی
پیاوان پەرەموچەی سپی لەسەر گوێچان
خەون توکیان،
ژنان لەش و لاریان شلە، تاجیان سپی (٥٨)

شاعیر دەنگی (پ)، (٦) جار دوبارەکردۆتەوە. بەمەش ئاوازەیەک بە شیعرەکە دەبەخشێت.

دەنکە خۆلە خەمبارە بخوێنەوە
سەربەرەو خوار هەڵ دەخلسیکێن (٦٣)

شاعیر دەنگی (خ)، (٥)جار دوبارەکردۆتەوە بەمەش جوانییەک بە دەق دەبەخشێت سەرنجی خوێنەر بۆ دەق ڕادەکێشی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

دوبارەکردنەوە لەناو دەقی شیعریدا تەکنیکێی ئەدەبی و هونەرییە ئەم دوبارەکردنەوەی دەنگانە هێز و توانایە و وزەیەکی دەنگی بە دەق دەبەخشێت.

لەئاسمانێ باڵێی سپی
لەسەرئاوانیش کەنیسا
چ وەستایەکی زانایە ئەو بەفرە
چ دانایەکە و بینەخشێنە،
سەروریشی دەرەختەکان
بیرەوەری مناڵیمەو داتاشراوە. (٥٨)

دەنگی (س) و(ش) دەنگێکی ئاوازدارن لەناو دەقی شیعریش جوانی وئاوازەیەک بەدەق دەبەخشن بەتایبەتی کاتێک بۆ چەند جارێک دوبارەدەبێتەوە. لەم کۆپلەیەدا دەنگی (س )،(٦) جار دوبارەبوەتەوە. دەنگی (ش )،(٣) جار دوبارەبوەتەوە.

## ٢- دوبارەبونەوەی وشە:

پەیوەندی بە ئاستی وشەوە هەیە، مۆسیقای ناوەوە بە دەق دەبەخشێت لە یەک دەقدا چەندین جار وشەیەک دوبارەدەبێتەوە، ئەم دوبارەکردنەوەیە ئامانجێکی لە پشتە، شاعیر بە مەبەست بەکاریدەهێنێت هەندێ جار بۆ جەختکردنەوەش بەکاریدەهێنن. دوبارەکردنەوە بەهەمو جۆرەکانییەوە، تەکنیکێکی ئەدەبییە و گەمەیەکی شیعرییە، سەرنجی خوێنەر بۆ دەقەکە ڕادەکێشێت، شاعیر دەڵێت:

بەفر دڵمی پڕکردوە
کون و قوژبنی لەش نەما
گیانم نەما
خەون لەبەفرێ گیران
گۆرانیش لەوێ باڵ دەگرن
بەفر پارچە زەوی نیە. (٦٠ -٦١ )

لەکۆی دەقی (سرودی بەفرنوسی یا سوتانی ڕەنگەکان) وشەی (بەفر)، (٢٩) جار دوبارەبوەتەوە مۆسیقایەکی جوانی بە دەقەکە بەخشیوە، بەڵام لەم کۆپلەیەدا (٣)جار وشەی بەفر دوبارەبوەتەوە.

جگە لە وشە (بەفر) چەندین وشەی دیکەش هەن لەدەقەکە دوبارەبوەتەوە. دەتوانین بڵێین ئەم دوبارەکردنەوە،(دوبارەکردنەوەی بازنەیی) لە سەرتاپای دەقەکە بەکارهاتوە. شاعیر دەڵێت:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

زەنگو بۆ لێدەن

زەنگ

زەنگی زەنگەکان

نا، ئاکۆ،نا (٦٤)

دوبـارەبونەوەی وشـه بەگەلێـک شـێوازو تەکنیکـی جیـاواز بەکارهـاتوە. وشـەی (ئـاکۆ، مـردن) لەم دەقەدا (٨) جـار بەکارهـاتون، لە چـاوگی (مـردن)یش، چەنـدین کـارو وشـەی لێکـدراوی لێدروسـت کـردوە. بـۆ نمونە دەڵێت:

- بیخۆرەوە بانەمری
- خاکی مردوان
- ئەوەی مرد مرد
- پێخەفی مردو
- کە من بمرم
- من نامرم
- تۆزو گەردی مردوانم لێ دەنیشێ

لەبەرامـبەر بەکارهێنـانی ئەو هەمـو ژمـارەی (مـردن)ە یەک جـار وشـەی (ژیـان)ی بەکارهێنـاوە. ئەمە لەلایەک، لەلایەکـی دی شـاعیر وەرزەکـانی سـاڵی لەنـاو دەقەکەی بەکارهێنـاوە. بەهـیچ شـێوەیەک باسـی وەرزی (بەهـار) ناکـات. بەمەش ئەوە دەسـەلمێنێت کە (نائومێـدی و ڕەشـبینی) بـاڵی بەسـەردەقەکە کێشاوە.

## ٣- دوبارەبونەوەی فرێز:

دوبارەبونەوەی فرێز لەناو ئەم دەقەدا هۆکارێکە بۆ دروستبونی مۆسیقای ناوەوەی دەق و بەکارهێنانی ئیستاتیکایەکی جیاواز و جوان بە زمانی شیعریی ڕەهەندی مانا بە دەق دەبەخشێت پاتکردنەوەی فریزەکە لە ئەنجامدا ڕیتمی شیعری درێژ دەبێتەوە.شاعیر دەڵێت:

پیاوان پەرەموچەی سپی لەسەر گوێچان (٥٨)

(لەسەر گوێچان) فرێزێکی هاوەڵکاری شوێنیە دوبارەبوەتەوە لەناو دەقە شیعریەکە (لەسەر گوێچکان، تاجی سپی) شوێنی وشەکان ئاڵوگۆڕی پێکراوە. بەکارهێنانی فرێزی (من و دنیا)،(من وئاکۆ)،(من و تۆ) لەناو دەقەکە بەردیدی خۆێنەردەکەوێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

## ٤- دوبارەبونەوەی ڕستە:

شاعیر دەڵێت:

دو ڕۆژە بەفرنوس مردوە (٥٨)

ئەم ڕستە شیعریە، (٣) جار لە دەقە شیعریەکە دوبارەبوەتەوە، لەگەڵ دوبارەبونەوەی ڕستە شیعریەکەش، هەست بەدوبارەبونەوەی دەنگیش دەکرێت. دەنگی (و) لەم ڕستەیەدا (٣) جار دوبارەبوەتەوە. خۆی لەخۆیدا موسیقای شیعری دروستکردوە.

## - دەرکەوتنی دەنگی شاعیر:

خوێنەری دەق هەست بەبونی دەنگی شاعیر دەکات، دەنگەکەش لە زەیندا دەگۆڕێت بۆ وێنەیەکی بینراو، دەنگی وێنەی شاعیر دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەر، کە شاعیر گوزارشت لە خودی خۆی دەکات. شاعیر دەڵێت:

من لەبەفرا سەربەستی خۆم دەکوژێنمەوە

نەئەفسونی ناو تەم ومژی بەیانم

نەباڵندەی پەڕوباڵ پەڵکە زێرینە.

من هەر ئەوەندەم پێ دەکرێ

سەرم گاجوتە وهەوجاڕی قاچەکانم ڕادەکێشی

ئەوبستە خاکە وڵاتی من نییە (٥٨)

گێڕانەوەی ڕوداوێک بە بەکارهێنانی جێناوی خودی (من) نوسەر بە زمانی قسەکەرەوە ڕوداوەکان تۆماردەکات خودی خۆی یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو ڕوداوەکە، بەڵام ئەو زمانەی کە بەکاریدەهێنێت زمانێکی شیعرییە.

بەکارهێنانی (جێناوی (من) ئاڕاستەیەکی ڕاستەوخۆی ڕوداوەکانە کە هەڵقوڵاوی هەست و هۆشیاری ئەو سەردەمەیە کە تێیدا دەژێت، نوسەر دەچێتە ناو ڕوداوە تایبەتەکە، خوێنەر بەبێ هیچ سەرچاوەیەک پاساو هێنانەوەیەک دەگاتە سەرچاوەی ڕوداوەکان))(بلخیاط، ٢٠١٥: ١٩).

## - گێڕانەوە:

گێڕانەوە سەرتاپەی دەقەکەی داگیرکردوە. گێڕانەوە لەنێو دەقی ئەدەبیدا یان شیعردا، پشت بە ئەزمونی نوسەر دەبەسێت و کاریگەری لەسەر خوێنەر دروست دەکات، بەپێی ئەو ئەزمونەی کە هەیەتی بیرۆکەی ڕوداوەکە لەگەڵ ئەندێشە و هزردا ئاوێتەی یەکتر دەکات بۆ ئەوەی ڕوداوەکە دەقاودەق، ڕوداوێکی واقیعی نەبێت. شاعیر دەڵێت:

جاران خەونەکان بزنە کێوی بون

سروشت ئاموتیا

ژن تاجی سەری پیاوان بون



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

پیاویش پاشای سەر زەویان (٦١)

لەکۆپلەیەکی دیدا شاعیر لەڕێگای گفتوگۆدا ڕوداوێکمان بۆ دەگێڕێتەوە دەڵێت:

خاوەر بەکراسی تەڕەوە گۆرانی باکانی بۆ وتین

پاشان چوە بەر پەنجەرە

من وتم خاوەر چ دەکەی؟

خۆردێنمە ژورەوە (٦٥)

## - هێماو تەمومژی:

تەمومژی ئاماژەیە بۆ سفت و چڕی دەقەکە. زمان کەرەستەیەکی شیعریە، شاعیر بەهۆیەوە توانا و لێهاتویی خۆی دیاری دەکات. زمان و ئەندێشە ئاوێتەی یەکتری دەبن بۆ دیارکردنی دیدو ڕوانینی شاعیر، وێنەی شیعریی و هێما ئەمانەش پەیوەندیان بە پاشخانی ئەدەبی و ئەندێشە فراوانی شاعیرەوە هەیە، کە تا چەند ئاگاداری کەلتور و فۆلکلۆری ئەدەبی نەتەوەیی خۆیەتی. شاعیر دەڵێت:

خاوەر بەفرنوس برامەو دەڵێ چرای

لەبەفرا ڕوت دەبینەوە (٥٩ – ٦٠)

(خاوەر و بەفرنوس) هەردوکیان خواستنن، بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕەوانبێژی، ئیستاتیکا بە دەق دەبەخشێت. ڕەگەزدۆزی لە دەقی شیعردا بە هەردو جۆرەکەیەوە مۆسیقاو ئاوازەیەکی نایاب بە دەق دەبەخشێت. شاعیر دەڵێ:

دەممان دەخەینە دەمی کەڵەشێری زەردی بەیان (٦٠)

ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە نێوان (دەممان، دەم) دایە مۆسیقایەکی جوانیان بە دەقەکە بەخشیوە. ئەم مۆسیقایە کە لە ئەنجامی چنین و بنیاتنانی دەنگەکان و ڕێزکردنی دەنگەکان دروست دەبێت.

شیعر بەرجەستەبونی (دەنگ، وشە، ڕستەو واتا)ن خستەپاڵ ئەمانە تەکنیکی هونەری و لێهاتویی زمانێکی پێویستە، مەرج نییە جوانناسی بە شێوەیەکی ڕەهابێت، جوانکار لە نێو دەقی ئەدەبیدا تایبەتمەندی و گرنگی خۆی هەیە بۆ دۆزینەوەی ماهیەتی جوانی و شیکردنەوەی دیاردەکان و ڕونکردنەوەی (دەنگ و وشە ... واتاکان) شێوازی نوسەر دەردەخات.

## - درێژکردنەوەی ڕستەی شیعریی:

یەکێکە لە بنەما هەرە دیارەکانی (پەخشانە شیعر)ە. درێژکردنەوەی ڕستەی شیعرییەو، هەندێجار بەسەر دو نیوە دێرە شیعرەکە دابەش دەبێت، ئیتر ئەو ڕستە (سادە، لێکدراو، پرسیاری، سەرسوڕمان، هەواڵی) بێت. درێژکردنەوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانكۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

ڕستە شیعرییەکان، سەربەخۆییەکی بە دەقەکە بەخشیوە، بەڵام بنەماکانی شیعری پاراستوە، ئەم سەربەخۆییەش زیاتر کارکردنە بۆ فۆڕمی شیعری، ئەم دو ڕەگییەی ناو دەقی شیعریی ئاڵۆزیی بە دەق بەخشیوە. شاعیر دەڵێت:

ژن تاجی سەری پیاوان بون
پیاویش پاشای سەر زەویان .
ئەوەی هەم بو نەم هێشت جاران بیباو بڕوا
ئەو تۆزەم هێشتەوە
بەو تۆزە مامەوە، بەڵام ؛
باسەری من پارچە زەوی یەکی هێمن بێ (٦١)

**- بەکارنەهێنانی کێش وسەروا:**

شاعیر لە دیوانەکەیدا بەتایبەتی لەم دەقەیدا بەهیچ شێوازێک پەیوەست نەبوە بەکێش وسەروا. شاعیر دەڵێت:

چەند ساتێک ئارام وپاشان،
وەک ڕنوە بەفرێ مایەوە چی دی نا.
ئەوخاکە سارەم خۆشنەویستوە
لەبەر پەنجەرەی ئەو کچانەش نەماومەتەوە،
ئەوان بۆنی قورسی خاکیان لێدێ. (٦٤)

بەپێی پراکتیزەکردنی بنەماو ئەدگارەکانی پەخشانە شیعری کوردی لەشیعری (سرودی بەفرنوسی یا سوتانی ڕەنگەکان) دڵشاد عبداللەدا لەدیوانی (جوانیەکان وچەند لاپەرەیەکی ژیانی بەفرنوس یا باوباڵەکان)بە پەخشانە شیعری کوردی لەقەڵەم دەدرێت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

## ئەنجام:

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوەدا:

١- پەخشانە شیعری کوردی بەتایبەتی ئەو دەقانەی کە لەساڵانی حەفتاکان دەنوسران لەژێرکاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا بەتایبەتی فەرەنسی بون، بەڵام شاعیرانی ساڵانی هەشتاکاندا لەژێر کاریگەری ئەو گەنجانە بون کە لەبەغدا خەریکی نوێکردنەوەی شیعر بون (دڵشاد عەبدوڵلا) یەکێکە لە شاعیرەکانی ساڵانی هەشتاکاندا. یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی پەخشانە شیعری کوردی ئەوەیە کە دەقەکە کورت نەبێت. ئەم دەقە تاڕادەیەک دەقێکی درێژە لەچاو ئەودەقانەی کە لەژێر کاریگەری ئەدەبی ڕۆژئاوا نوسراون.

٢- لەدەقی جوانیەکان و چەند لاپەرەیەکی ژیانی بەفرنوس یان باو باڵەکاندا شاعیر کاری لەسەر مۆسیقای ناوەوەی دەق کردوە.

٣- گێڕانەوە باڵی بەسەر دەقەکە کێشاوە، بەڵام ڕوداوەکان دەقاودەق ڕوداوی واقیعی نین تێکەڵ بەئەندێشەی شاعیر کراون.

٤- لەم دەقەشدا شاعیر (دڵشاد عەبدوڵلا) هێمای بەکارهێناوە، چونکە ساڵانی هەشتاکان لەکوردستان سانسۆرێکی زۆر لەسەر بڵاوکردنەوەدا هەبوە.

٥- لە کۆشیعری (جوانیەکان و چەند لاپەڕەیەکی ژیانی بەفرنوس یان باوباڵەکان) پەخشانە شیعری کوردیە، نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری پەخشانە شیعری ڕۆژئاوادا، هەمو بنەماو تایبەتمەندی پەخشانە شیعری تێدا بەرجەستەبوە.

٦- مەرجی سەرەکی پەخشانە شیعر پشتکردنە لەکێش و سەروا، بەهیچ شێوەیەک شاعیر کێش و سەروای بەکارنەهێناوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25

# Poetic Prose in Kurdish Literature as an Example in the Text (Snow Anthems or Burnt Colors)

**Parween Abdullah Khudhur**
Kurdish Language Department, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** barween.khudhur@su.edu.krd

**Fuad Rashid Mohammd**
Kurdish Language Department, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
**E-mail:** fuad.mohammd@su.edu.krd

**Abstract:**

This research, tagged with “Prose poem in Kurdish literature as an example, it is included in the text of the poet Dl shad Abdullah, “Anthem of Snow Writing or Burning Colors.” It attempts to show the form of “prose poetry” in Kurdish literature, especially in modern literature. In this historical era, it highlights the choice of the beginning of the emergence of the prose poem in modern Kurdish literature. However, the statement problematic of the research and its study, which is based on the principles and sections of the research, as for the results of the research, which includes the most prominent results that were reached at the end of the study. the most prominent of which is a description Genres of the prose poem, the principles and artistic features upon which the prose poems are based, including the study text (Anthem of Snow Writing or Burning Colors) in the poems (Beauty and Some Pages of Life the Snow Writer or Baw Balkan) by the contemporary Kurdish poet Dl shad Abdullah on the scale of prose poems in modern Kurdish poetry.

**Keywords:** Poetic Prose, Free Poetry, Narration, Rhythm, Form.



**Original Article / Doi:** **10.26750/Vol(9).No(3).Paper25**

## سەرچاوەکان:


باڵەکی، یادگار ڕەسوڵ (د) (٢٠٠٥) سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨- ١٩٣٢، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانی، دهۆک.

بەرزنجی، عەبدوڵا تاهیر (٢٠١٤) شیعری کوردی و سەدەیەک بەهەڵە بەکارهێنانی ناونیشانەکانی نویگەری، ڕەخنەی چاودێر، زنجیرەی (٣).

بەکر، محەمەد (د)(٢٠٠٤) پەخشانە شیعری کوردی، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

بێکەس، شێرکۆ (٢٠١٣) ژیاننامە و بیرەوەری شێرکۆ بێکەس، نوسین بەئاوی خۆڵەمێش، غەزەلنوس، چ (١) سلێمانی.

پیربال، فەرهاد (د)(٢٠٠٥) شیعری نوێی کوردی، چاپ وبلاوکراوەی دەزگای کوردستان، هەولێر.

تاقانە، ئەحمەد (٢٠١٢) ڕۆچونی بەناخی هەڵبەستدا، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

جوتیار، خالد (١٩٧٨) کورتە سەرەتایەک بۆ حەیران، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ،ژ ( ٦٣)، بەغداد.

ڕۆژبەیانی، زاهیر(١٩٩٠) بۆچونی چوارەم، گۆڤاری بەیان، ژ(١٦٥)، بەغداد.

ڕەسول، ئوسامە حوسێن (٢٠٠٦) حەفت نوێژ لەسەردوگردی شیعردا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

رەئوف، لوقمان (٢٠٠٨). پەخشانە شیعری کوردی، گ .ئاینده، ژ(٧٦)، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

سلێمان، شەمیران (٢٠١١) ڕوبەڕو لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

عەبدوللا، دلشاد (٢٠٠٩) جوانییەکان و چەند لاپەرەیەکی ژیانی بەفرنوس یا باوباڵەکان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

عەبدوئەلواحید، ئازاد (٢٠١١) کەلتورو ناسنامە، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر.

عومەر، یاسین (٢٠٠١) ئەزمون، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

عەلی، حسین مەحمود (٢٠١٤) ڕەوتی نوێگەری لەشیعری کوردیدا، گ الاستاذ، ژ (٢٠٩) مجلد الاول.

عەلی، دڵشاد (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

قەندیل، ئەحمەد (٢٠١٢) بنیاتی هونەری حەیران، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.

گەردی، عەزیز (د)(١٩٩٩) سەروا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

مەحمود، ئازاد ئەحمەد (د) (٢٠٠٨) شەش لێکۆلینەوەی شیعری دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

مەخموری، غەفور (١٩٨٩) سەرەتایەک بۆ حەیران و کورتەیەک لە ژیانی حەمەدبەگ، الحوادث، بەغداد.

برنار، سوزان (١٩٩٣) قصيده النثرمن بودلير الى ايامنا، ت .زهير مجيد مغاس،ط(٢) مؤسسةالاهرام للنشروالتوزيع القاهيرة، مصر.

زياد، احمد (٢٠٠٧) قصيدة النثر،دار الكتاب العربى، دمشق.

جواد، عبدالستار(١٩٩٠) قصيدة النثر فى الادب انجليزى، بغداد.

معرفت، انور (١٣٩٥) سراغا شعر نو كردى تحول فرم هاى ان، تهران.

بلخياط، عيسى (٢٠١٥) تقنيات السرد فى الرواية (البيت الاندلسي)لوانستى الاعراج، رسالة ماجستير فى الادب، جامعة محمد خيضر، جزائير.

الحسانى، عادل نذير بيرى (٢٠١٦) قصيدة النثر النشاة ومراجعات اللغوية، جامعة اهل البيت كربلاء

https ://abu.edu.iq/research/articles




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(9).No(3).Paper25**